# سەرەرای پێناخۆشی بوونی تورکیا

# خەڵاتی (نۆبل) درا بە پامۆك !

## جەلال بەرزنجی

### کەنەدا

رۆمان نووس( ئۆرهان پامۆك) تەمەن 53 ساڵ بچووك ترین نووسەرە لەم بیست ساڵەی دوای , خەلاتی نۆبلی پێ بدرێت,.پامۆك لە ساڵی 2005 یش لە فرانکفۆرت خەلاتی ئاشتی بۆ ئەدەبی پێ درا وە. پامۆك خاوەنی چەندەها رۆمانی سەرکەوتووە کە ئەمانەن : (جەودەت بەگ و منداڵەکانی) (ماڵێکی ئارام) (قەلای سپی) (کتابی رەش) ( ناوی من سوورە)( ژیانی نوێ) ( بەفر) و یادەوەریەکان و شار کە باسی یادەوەری خۆی دەکات لە ئەستەمبوڵ, رۆمانەکانی پامۆك باس لە ململانێ ی سیاسی وئاینی وئەتنیکی دەکەن لە تورکیا . بە شێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی بەرز... پامۆك , هەمیشە لایەنی مرۆڤ دەگرێت و لە گەڵ ژیانی فرەکەلتوورییە و ئەیەوێت جیهانێك لە نێوان رۆژهەلات و رۆژ ئاوا ( خەیاڵ و زەیندا) بخولقێنێ ئەکادیمیای سویدیش لە کاتی بەخشینی خەلاتەکە ئاماژەیان بەم لایەنەی نووسینەکانی پامۆك کردووە دەڵێن(لە ئەنجامی گەڕانی بەدوای روحی خەمباری شارەکەی کە شوێنی لە دایك بوونیەتی سمبولی روحی نوێ ی لە ململانێی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان دۆزیوەتەوە ) رۆمانەکانی ئۆرهان پامۆك دەمێکە جیگەی سەرنجی خوێنەرانن لە دنیادا, دوا رۆمانی بەفر کە باس لە ژیانی کەسێك دەکات دوای 12 ساڵ نەفی کران بە هۆی سیاسەت بۆ ئەڵمانیا بۆ پرسەی دایکی دەگەرێتەوە ئەستەمبوڵ دوایش بۆ کاری رۆژنامەنووسی ونووسین لە سەر هەڵبژاردن و ئەو کچە محەجەبانەی خۆیان دەکوژن دەچێتە شارێکی هەژارو زۆر ساردی بە بەفر کە ناوی (قارسە).رۆمانی (بەفر)ی ئۆرهان پامۆك پڕ فرۆش ترین رۆمان بوو لە ساڵانی 2004 و 2005 . بەڵام پامۆك دوای ئەو چاو پێکەوتنەی لەگەڵ رۆژنامەییێکی سویسری کردی کەوا زۆر ئازایانە گووتی: تورکیا لە ساڵی 1915 بە غەدر جینۆسایدی ئەرمەنەکانی کردووەو , وەهەروەها لە شەرێ گەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان 30000 کورد کوژراون , ئەمەش بووە جیگەی نارەزای شۆڤێنیە تورکەکان و حکوومەتی تورکی و پامۆکیان بەوە تاوان بار کرد گوایە سوکایەتی بە گەلی تورکی کردووە ,دایانە دادگاو کە ئەمەش سزاکەی 3 ساڵ زیندانییە , تا ئێستاش ئەم کێشەیە هەر ماوە , ئەگەر وەرگرتنی ئەم خەلاتەگەورەیەو زیاتر بەناو بانگ بوونی پامۆك وا لە تورکیا بکات نەتوانی دەستی لێ بدات و دەعواکەی بکێشێتەوە , پامۆك کاتی خۆشی دژی ئەو فەتوایە وەستا کە لە دژی رۆمان نووس (سلمان رۆژدی) لە لایەن ئیمام خومەینی یەوە درا

لە وەتەی خەلاتی (نۆبل) لە ساڵی 1901 دەدرێت بە ئەدیبان تا ساڵی 1985 جگە لە نووسەرانی ئەورپا و ئەمریکا , نەدراوە بە ئەدیبیانی وڵاتانی تر, دوای شاعیری هیندی (تاغوور (ول سوینکا) نایگیریا مارکیز لە کۆلۆمبیا و رومانووسی مسری (نەجیب محفوز) خەلات کران و ئەمساڵیش بەئورهان پامۆك درا کە شوقەکەی لە سەر ئەو زەریایە یەکە ئەورووپاو ئاسیا بە یەکەوە دەبەستێتەوە!